# ستایشێ بۆ یادی سێ ساڵەی دەنگەکان

لە هەندەرێنەوە

سڵاو لە گۆران و
شلێر و
علی محمود، کە
هەمیشە "نێچیرڤان"
ی خەونە کارە
ئیدیالەکانە ...
هەروا سڵاو لەوانەی
کە خەون بە "دەنگدانەوە"
دەبینن لەو رۆمانە
"بێدەنگییە" گەورەکە
قورگی زمانی کوردی
تەنیوەتەوە.




05.06.0
ستۆکهۆلم

من، تەنانەت یادی لەدایکبوونی خۆشم نازانم، بۆیە لەو دەمەی
لەم رۆژانە، یادی عەزیز و یادی مردنەکان داگیری کردووین،
بەختەوەرم لە ئەزانی یادی بوونم.
بە تۆم "دەنگەکان"ە، گەر بیەوێ لە "دەنگ"ی ئەو "دەنگ" و ئیتار کراوو
بە ناخۆکراوەی ناو ئەو "دەنگە" رق و گوشراوە، گوترا دەمە قەی
کوردی بێت، دەبێ لەمەودوا، بیر لە ها و ئاهەنگی "دەنگەکان"ی
بکاتەوە. ئەوکاتە لە جیاتی یادی بوونی خۆم، یادی دەکەوە.

---

**kaka goran**
**slawi garm**
**la naxi dlaw piroz bai garmtan le dakam u hiwam waya la karakantanda hardam sarkawtu bn ,lai xomawa am saitam hardam ba mali xom zaniwa u ta pem krabet hawkarim krdun.**

## magid salih
**garmian**

---

### نامەی پیرۆزبایی بەبۆنەی سێیەمین ساڵڕۆژی "دەنگەکان"ەوە

**ئازیزان گۆان و شلێر .. سڵاوو ماندوو نەبن.**



**لە سێیەمین ساڵیادی دەست بەکاربوونی دەنگەکاندا وێرای دەستخۆشی و ماندوو نەبوون ، پیرۆزبای گەرمتان ئاراستە دەکەم. وە بە هیوای هەمیشە سەرکەوتنتانم.**

**بە بڕوای من دەنگەکان یەکێك لەو مینبەرە ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازانەیە ، کە خزمەت بە بەرەی علمانیەت و سیکۆلاریزمی کۆمەڵگا دەکات ، ماوەی کارکردی دەنگەکان لە سێ ساڵی ڕابردوودا ئەمەی سەلمندووە ، بۆیە جێگای خۆیەتی کە دەسخۆشی و ماندوونەبونی وە هیوای بەردەوامی ئاراستەی هەردوو ئازیزان گۆران و شلێر بکەم بۆ ئەرك و زەحەمەتییان.**

**پێم باشە لەم یادەدا تێبینیەك بە ئێوەی بەڕێز بدەم ئەویش ئەوەیە کە ، زۆر جار هەندێك بابەت ئەبینرێن لە دەنگەکاندا کە نە بابەتی سیاسیە ، نە ئەدەبییە ، نە ڕۆشنبیریە و نە دەربڕینی باسێکە لە هەرڕوانگەبەکەوە بێت ، هەروەها نە ڕەخنە گرتنە ، بەڵکو سەراپا ئیهانەت و سوکایەتی کردنە بە ئینسان یان کەسێکی دیاری کراو ، بە بڕوای من ئەمە ناچێنە قاڵبی هیچ جۆرە ئازادی رادەربڕین یان رخنە گرتنێکەوە، جگە کاریگەری دانانی خراپ لەسەر کەسایەتی نوسەرەکانی بە جۆرێکیش تارمایی دانان لەسەر ئەو سایتەش کە ئەم شتانەی تێدا بڵاو ئەکرێنەوە، هەتا مەسەلەکە لەوەش جیاوازترە کە کێشە لە نێوان دووبەرە ، دوو بۆچوون یان دوو ڕەوتی سیاسی نێو کۆمەڵگاو ڕەقیبی یەکتر بن ، هەر لەم ڕۆژانەدا چەند بابەتی لەو جۆرە بەرچاو دەکەون ، بەبڕوای من خۆێنەرانی ماڵپەڕەکەتان نیگەران و ناڕەحەت دەکات وە خزمەت بە هیچ کێشەیەکیش ناکات.**

**لەگەڵ ڕێزمدا**

## شێرزاد فاتح

04-06-2005

---

بەڕێز و هێژا کاک گۆران

کارمەندانی ئازیزی دەنگەکان

سێ ساڵی تەمەنی دەنگەکان،بڵندگۆی دەنگە ڕاستگۆکان بەرزدەنرخێنم. چەپکێک پیرۆزبایی ڕازاوەتان پێشکەش بێت.

ئومێدی بەردەوامی و سەرفرازیتان بۆ دەخوازم.

براتان گۆران هەڵەبجەیی

2005/06/05 دانیمارک

---

## پیرۆز بایی

**سڵاو هاوڕێ خوێن شیرینە کانی سایتی دەنگەکان بە بۆنەی تێپەڕ بوونی سێ ساڵ لە تەمەنی ماڵپەڕە کاتانەوە تۆخ ترین پیرۆز بایی پێشکەشی ئێوەو هەموو ئەو دەنگانەش ئەکەم کە بەئازادی و بە ڕۆحێکی گەرمەوە سەرقاڵی خوێند نەوەو نو سینن دیار ئەم ماڵپەڕە بەدەنگ هێنانی ئەو بێدەنگانەیە کە ڕۆژ گارێکە بەبێویستی خۆیان ڕژاونەتە سوچی ئارامیەوەو خەریکی تەسفیە کردنی ناجۆرییە کانی گەردوون بۆیە دەنگەکان هەمیشە دەرگایەکی واڵ بووە بۆ هەموو ئەو دەر بڕینە جیاوازانەی ڕەنگە جەسارەتی بڵاو بونەوە یان لە هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی حوکمی و ئەهلیدا نە بوبێت لێرە دا دەنگە کان**

وەك دەزگایەكی ڕۆشنبیری و فیكری و سیاسی و ئەدەبی بەئازادی بواری بەهەموو جۆرە وتنێك بەخشیوە ئەگەر لەسەر خودی ماڵ پەڕەكەش بوبێت .

لەكۆتایدا هێندەی مەوداكانی سێ ساڵ

هێندەی داگیرسانی سێ مۆم

هێندەی شكۆفەی سێ بەهار

دەست خۆشی لە یەكە بەیەكەی كار مەندانی ئەم مەڵپەڕە دەكەم و

خوازیاری بەردەوام بوونیم

باوەشێك خۆشەویستی و ڕێز

حسێن ئەحمەد 5/6/2005